## کوی سرخاب تبریز و مقبره الشعرا

ئەم کتێبە باسی هەندێ گۆرستانی ناودارانی شاری تەورێز و یەک لەوان "سید حمزە" دەکات و کێلی قەبرەکان و ژین نامەی خاوەنەکانیان رادەگەیێنێت. لەوانەی وا ناویان لە کتێبەکەدا هاتووە، خاقانی شروانی، ئەسەدی طوسی، قەتران، هومام تەبریزی و زۆر شاعیر و ناوداری دیکەی ناوچەکەن.

لە باسی "مقبره سید حمزە" دا نووسەر ناوی هەندێ کەسایەتی دەبات کە نزیک قەبری سید حەمزە نێژراون و یەک لەون "سەردار عەزیزخانی موکری" یە، کە لە ١٨ی شەووالی ساڵی ١٢٨٧ [کۆتایی ساڵی ١٨٧٠] لە تەورێز کۆچی دوایی کردوە و لەو شوێنە نێژراوە. نووسەر باسی ژیانی سەردار دەکات و دەڵێ لە ساڵی ١٢٠٧ لە دایک بووە و، خەڵکی سەردەشتی سابڵاغ بووە و پاشان باسی مەقام و مەنسەبەکانی دەکات لە دام و دەزگای قاجارەکانی ئێران و ناسرە ددین شای قاجاردا، هەتا وەزارەتی جەنگی ئێران. نووسەر هەروەها لەو مەئمورییەتە دەدوێت کە ناسرالدین شا بە عەزیزخانی دا بۆ کوشتنی بابیەکانی زەنجان [و "چاری"] بەداخەوە ئەویش بەڕێوەی بردن. نووسەر باسی وردبینی و رێک و پێکی کارەکانی سەردار دەکات، هەروەها دەڵێ مڵک و ماڵ و دەسەڵاتی زۆری لە ئازەربایجان هەبوو.

نووسەر لە لاپەڕە ١١٩ دا باسی ئەوە دەکات کە سیف الله خان [سیف الدین خان]ی کوڕی سەردار عەزیزخان و تووبا خانمی خوشکی لەنزیک ئەو، لە هەمان شوێن نێژراون. واهەیە لە شوێنی دیکەی کتێبەکەدا زانیاری لەسەر ناودارانی کورد و بۆکان بدۆزرێتەوە ، بەڵام من هیچم چاوپێنەکەوت.

دکتر سید ضیاءالدین سجادی، "کوی سرخاب تبریز و مقبره الشعراء"، انتشارات انجمن آثار ملی (١٣٣)، ١٣٣٦[١٩٥٧]، ٥١١ صفحه، فارسی